


# "دەقەکانی شەڕ"یان" ڕێگای سێهەم"

سەعید سلێمانی

وەی...! وەی چ پەرۆشەخەونێکی ئاڵۆزە ئەو چرکانەی سیمای کەسێك دادەچۆڕێ و هەڵدەوەرێت، شێوەکان بەرەبەرە لێك دەترازێن، وردەکاریی ڕووخسارەکان بزر دەبن، بیرەوەرییەکان کاڵ دەبنەوە، یادەوەرییەکان دەپۆلکێن، کۆتاییەکان تۆخ دادەگیرسێن. هێدی هێدی هەرچی هەیە دەبێتە ڕابردوو و ئیتر هەر چرکە هەیە و چرکە ئێستایە و ئەویش مەحکوومە بە گوزەر. ئیتر ئەمانە یەك شت ڕادەگەێنن، یەك ماهییەت دەردەخەن: حەتمییەتی شەڕ!

بە تەقینی هەر تۆپێك موچڕکێکی سارد و لاسار دەگەڕایە گیانی ئێمە و بە ترازانی هەر شاخێك لەرزەیەکی فێدار دەکەوتە گیانی زەوی... ئەوە سەربووردەی چرکەکانی سەرەتای ئەو دۆخە بوو، سەرەتایەك کە ئێستاکە ڕابردووەو مانای تەواوی شتەکانی لێك هەڵوەشاوەتەوە و جگە لە دیمەنێکی لێڵ و نادیار و ئاڵۆز و تەماوی شتێکی دیکە لە یادەوەریی کەسێکماندا نەماوە. ڕووخساری هەندێکمان چما گۆزەی شکاو بەرەبەرە لێکترازا و هەڵوەری، وردەکاریی دەموچاوەکان ئەوەندە دوورکەوتوونەوە کە ئەگەر جارێکی دیکەش سەرلەنوێ شەڕ

دروستیان بکاتەوە، هیچ شتێکی ئاشنا بە یادماندا گوزەر ناکات. چما هەر لە ئەزەلەوە هیچ شتێك وجودی نەبووەو خۆشمان هەر تەنیا دیمەنێکی لێکهەڵوەشاوە و چەواشەین!

هەنوکە ئەوانەی کە وەك بیرەوەری دەیانخەمەوە یاد شتێك نین جگە لەو چرکانەی کە من و ئەوانی دیکە تۆمارمان کردوون و خۆشم دۆشداماوم لەوەی کە ئایا ڕۆژگارێکی لەو شێوەمان تێپەڕ کردووە یاکو نا، ئەمانە وەهمێکن کە شەڕ بە شوێن خۆیدا بەجێی هێشتوون؟! وێدەچێت ئەمانە دەقەکانی شەڕ بن یاکو یادەوەریی ئێمە بێت کە ئێستاکە تێکستە وشەیەکەو جگە لە ڕابردوو و گوزەری چرکە ناوێکی دیکە بە سەریدا ناسەپێت. ئاخر وشەکانی بیرەوەرییەکی چەواشە وەك تۆزی کەفچرێنی چەم وایە و هەردەم لە ونبووندایە و تەنیا تەمێکی نارِوونە کە قەت کۆتایی نایە و هەر دەخورێت و نادیارە!

***

چەندە زوو ڕۆیشتی، چ بێباکانە گوزەرت کرد!...من کە دەمنووسی بۆ ئەوە بوو کە تۆ بیخوێنیتەوە نەك کەسێکی دیکە، تەنانەت ساکارترین نووسراوەکان! نامەیەك کە چەند ساڵ لەمەوبەر بۆم ناردی و وەرتنەگرت و گەڕایەوە، هێشتا هەروا دەستلێنەدراو ماوەتەوە لە ناو ئەو پاکەتە زەردهەڵگەڕاوەدا. وشەکان لە خەڵوەتی ئەو پاکەتەدا هێشتا بە تەنیایی لە بیر دەچنەوە و دەپۆڵکێن. هێشتا پاکەتەکەم نەکردۆتەوە هەر بۆ ئەوەی کەسێکیتر ـ تەنانەت خۆم ـ چاوی بەسەردا نەخشێنێ و نەیخوێنێتەوە. ئاخر هەر وشەیەك و تایبەتی کەسێکە، ئەو وشانە هی تۆ بوون و نەك تەنانەت هی منیش. تۆ دەبوایە لەگەڵ وشەکاندا بگریایتایە و نەگریای!

ئێستا لەوسەری ئەم جیهانەدا، کێ چوزانێ، شایەد هەر نەشمابیت. چ فەرقێکی هەیە؟! ئینسان کە دڵنیا بێت جارێکی دیکە چاوی بە کەسێك ناکەوێتەوە ئیتر مردووە لە لای و ئێستاش من لەگەڵ ئەو هەستەدا بەرەوڕووم و تۆش لە لای من وای. چ سامناکە بیرکردنەوە لەوەی کە تا دواچرکەی زەمان چاوت بە کەسێك نەکەوێتەوە کە ئەگەر تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بووبێت، نزیکترین و ئاشناترین و ناسیاوترین و خۆماڵیترین کەس بووە لە لات. ئاوایە دۆخەکە لە لام و تۆش تێیناگەی، لەوەی کە گوزەرت چەندە خەمەنگێز و دڵتەزێن بوو، ونبوونت وەك دەسپێکی شەڕێکی شەڕانگێز لە پانتایی هیچ چرکەیەك داناچۆڕێت. بۆیەش هەر جارێك دەکەویتەوە یادم دەچم بەسەر ئەو پاکەتە هەڵنەپچڕاوەدا، لەگەڵ وشەکانی قەتیسی ناویدا لە جێی تۆ دەگریم. وا هەست دەکەم وشەکان لەو خەڵوەتەدا هەست بە وروژانی هەمیشەییم دەکەن و ئەوانیش دەکەونە یادی تۆ، یادی کەسێك کە تامەزرۆی بینینی بوون و نەیانبینی!

وشەکانیش دواجار لە بێتۆییدا دەپۆڵکێن و هەڵدەوەرێن، بەڵام ئەوان لە من لەسەرەخۆتر و تەنیاتر و جاویدانترن، ئەوەندە تەحەمول دەکەن تاکو هێمن هێمن دەپرووێن و لەناو دەچن.

تۆ نەگریای و ڕۆیشتی و حەسرەتی هەنیسکێکی وشەکانت بەجێ هێشت بۆ من. تۆ هەر بۆ ئەوە گوزەرت کرد کە من ئالێرەدا بمێنمەوە و وشەکان بکوژێت و وشەکان هەڵوەرێنیت و وشەکان وەسریت و ئەوسا ڕووبەرێکی سپی و ساکار بهێڵیتەوە کە هەر تەنیا بۆ ئەوە بشێت فەرامۆشی بیکرۆژێ!

وااای...! چەندە ساکار و خوێنسارد و بێخەیاڵ و کەمتەرخەم و گوێنەدەر گوزەرت کرد. هەروەك شووخاڵا کە شەوی قەترانی خەرەندێك ڕووناك دەکاتەوە و تێپەڕ دەبێت. ئیتر ئەوکات تۆ نامەکانیشت نەکردەوە و تەنانەت ڕەحمیشت بە وشەکان نەکرد، تۆ بەزەییت بە هیچ حەرفێکدا نەهات. تۆ من هیچ، تەنانەت وشەکانیشت ناچار کرد ملی ڕێگا بگرن بەرەو شەڕ!

***

ئەو سەردەمانە هێشتا خولیای شەڕ لە ناو زەینمدا چەکەرەی نەکردبوو. شەڕ واهیمەیەکی ئەوتۆی دروست نەکردبوو کە هەموو چرکەکانم بتەنێتەوە. کەڵکەڵەی شەڕ لە مێشکمدا ئەوەندە کاڵ بوو کە تەنانەت دیمەنێکی خەیاڵیشم بۆ دەستەبەر نەدەکرا چ بگات بەوەی کە دواجار خۆم لە سیمای شەڕوانێکی ئێستاییدا بشوبهێنم. ئەمەیە ئیتر کە زیندووبوون هەندێك لایەنی هەن کە تەنانەت نە بە خەیاڵ و نە بە خەون و نە بە خولیا بە بیرۆکەی هیچ کەسێکدا گوزەر ناکەن، بەڵام سادە و ساکار و بە سانایی بەرەوڕووت دەبنەوە و لە ئاستتدا چەق دەبەستن

و دواجار پەلکێشت دەکەن و دەتخەنە ناو بازنەیەکەوە کە هیچ کات لێی دەرنایەی و تەنانەت لە مەرگیشدا بەرۆکت بەرنادەن.

لە یەکێ لە شەوانی ئەو سەردەمەدا سەیرم کرد کاروانکوژە تروسکایی جارانی نەمابوو، گوتم: چ ئاسمانێکی پەڵۆخە، چ شەوێکی بێهوودە! کە من ئەو شەوە بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر دەرفەت برەخسێ و بارودۆخ ئاوەڵا بێت، لە جەنگەی شەڕدا، حەز دەکەم کام یەك لەمانە بم: پیاوکوژ یان قوربانی، نێچیر یان ڕاوچی؟! واتە ئەگەر تفەنگێك بەلامەوە بێت و کەسێکیش بەرامبەرم ـ بێ ئەوەی بیناسم ـ حەز دەکەم تفەنگەکە بەرەورووی ئەو بگرم یان ئەو بیگرێت بەرەورووی من؟! بیرم لەوە کردەوە کە هەر کاتێك بە ڕاشکاوی و بێدردۆنگی و بە بێ گومان بۆ ئەم مەسەلەیە لەگەڵ خۆمدا ساغ بوومەوە، ئەو کاتە هەڵدەستم و دەڕۆم بۆ شەڕ. لە ڕاستیدا من ساغ بوومەوە ـ گرینگ نەبوو کامیان بم ـ بەڵام دەبوایە خۆم لەو دوودڵی و دردۆنگییە ڕزگار بکەم. من یەکلام کرد، بەڵام قەت نەمدرکاند و نایڵێم کە کاممان دواجار تفەنگەکەی گرتە دەست. چونکە درکاندنی ئەم بڕیارە هەموو لێکدانەوەکانی شەڕت لێ تێك دەدات و ئەوکات لە ناخەوە خاڵی دەبیتەوە و ئیتر هەموو شوێنێکی شەڕ لە لات یەکسان دەبێت، وەك یەك!

ئێستاکە دەزانم هەندێك لە پیاوان تەنیا لەبەر کوژران دەچن بۆ شەڕ و هەندێکیش تەنیا بۆ کوشتن. ئاخر مەرگ تینوێتیی ئینسان دەشکێنێ، بەڵام شتانیتر هەرگیز! ڕازی شەڕیش هەر لەوەدایە کە هیچ کامیان ناگەڕێنەوە: نە پیاوکوژ و نە قوربانی. ئەمەیە کە شەرکەران تاوانبارێکی بێگوناهن... لە شەڕدا هەردوولا دۆڕاون. سەربازانی هەر دوو بەرەی شەڕ وەك یەك بێتاوان و گوناهن، ئەوەش کە قەت نادۆڕێت تفەنگەکانن. تفەنگەکانی هەر دوو بەرەی شەڕ وەك یەك دێنە دەنگ، یەك دەنگیان هەیە بە بێ جیاوازی. ئەوان خۆیی و دوژمن ناناسن، فامی جیاکردنەوەی ڕەنگەکانیان نییە. تەنیا یەك ڕەنگ دەناسن: سوور! تەنیا یەك ناویش دەزانن: خوێن! لێرەدایە کە خۆیی و دوژمن یەك خوێنیان هەیە بە ڕەنگێکی سوورەوە... جەلاد وەك دوایین کەس خۆی دەکاتە قوربانی و تفەنگیش خاوەنەکەی: ئەمە گوزارەی شەڕە!

***

ئەمشەو یەکەمین شەوی مەیدانی شەڕمە، تەپوتۆزی شەڕ ئەوەندە خەستوخۆڵە کە هیچ ئەستێرەیەك بە ئاسماندا گوزەر ناکات، هیچ شووخاڵێك بە ئاسمانەوە بەدی ناکرێت. چما شەڕ لە ئاسماندا بەردەوامە نەك لە زەوی. خۆزگە شەڕ هەر نەبێت ڕۆچنەیەکی هێشتبایەوە بۆ تروسکانەوەی کاروانکوژە و ئەوسا من بیرم لەو هەموو بێدەنگییە جوان و کوشندەیەی پاییز بکردایەوە کە هەموو پانتایی منی داگرت و تۆ هەستت نەکرد. تۆ حورمەتی پاییزت نەگرت!

ئاخر پاییز خۆی لە خۆیدا وەرزێکی بێدەنگە. ئەوەندە بێدەنگ کە مرۆڤ هەست بە تێپەڕبوونی ناکات. لەولاشەوە بەهار وەرزێکی قەرەباڵغە یان باشتر بڵێم وەرزی دەنگەکانە. لە ڕاستیدا نەك ئەوەی کە جموجۆڵی گیا و سروشت و ئاو و زیندووبوون بەهار بخاتە جووڵە و دواجاریش وەدەنگی بێنێت، بەڵکو هەر ماهیەتی خۆی وەهایە کە دەنگێکی نادیاری هەیە کە هەمیشە هەستی پێ دەکەیت تەنانەت لە شیرینترین خەوی شەوانی بەهاریشدا، بەڵام بەپێچەوانەوە ماهییەتی پاییز بێدەنگییە. شتێکی سیحرئامێز و ئەفسوناوی بە ناو پاییزدا گوزەر دەکات کە تەواوی دەنگەکان لە ناویدا نوقم و بزر دەبن وەك هەوری و ئیسفەنجێك کە ئاو لە خۆیدا هەڵدەمژێت. پاییزیش جەوهەرێکی هەیە کە هەموو دەنگەکان دەمژێت و ئەمەش دەبێتە سەرەتای جوانیی پاییز و ئیتر خۆی نمایش ناکات، بەڵکو خودی جوانییەکەی خۆی سەرنجڕادەکێشێت. بێدەنگییەکەی ئینسان وەها ئەفسون دەکات کە خۆبەخۆ لێی ورد بێتەوە، بیری لێ بکاتەوە و دواجاریش لە ناویدا غەرق و نوقم بێت، لە بێدەنگیی پاییزدا بخنکێت. ئەمەیە سیحری مانەوەی پاییز وەك جوانترین و بێدەنگترین و هەمیشەییترین وەرزی وەرزەکان!

منیش لەو پاییزە دوورەی بەر لە شەڕدا، پاییزی قەتیسی ناو پۆستاڵێکم بۆ هەڵبژاردیت کە ئارامیت پێ ببەخشێ کەچی هەروا مایەوە لە لام و تۆش نەهاتی و پاییزیش نەگەیشتە دەستت و منیش ساڵەها پاییزم لە

لای خۆم هەڵگرت و ئیتر من لە بێدەنگیی پاییزدا نوقم بووم و دیسان تۆ نەهاتی و پاییز مایەوە و ئیتر بێدەنگی ئۆقیانووسێکی وەهای دروست کرد کە هەر تەنیا تۆفانی شەڕ دەیتوانی بیشڵەقێنێت.

کە پاییز نەگەیشتە لات منیش ملی ڕێگای شەڕم گرتەبەر!

***

کاتێك کە هەموو ترس دایاندەگرێ هیچ کەس قسەیەك ناکات. بێدەنگی ئاکامی ترسە، لە هەراسەوە ڕێ دەگرێت... ئەو شەوە کە هێزی تازەمان بۆ گەیشتبوو هەموومان کپ دامابین و مات داگیرسابین، لەوەی کە هێزی تازە تەنیا یەك ئەرکی لەسەر شانە و ئەویش گۆڕینی مەیدانی شەڕە بۆ مەحشەرێکی ناوەخت و بەر لە وادە. بیرکردنەوە لەوە، قسە لە تەواوی شەڕکەران دەستێنێتەوە و هەر تەنیا سەرسوڕمان دەهێڵێتەوە، ئەوە کە بە ویستی خۆت پێ بنێیتە قیامەتێك کە لە بناغەدا هیچ نییە جگە لەوەی کە دۆخەکەت لە دەروون و هەناوی خۆتەوە گواستۆتەوە بۆ ئەم پێگە و مەیدانی بەناو شەڕە. ئیتر شەڕکەران زمانیان لە گۆ دەکەوێت و هەر تەنیا بە پرسینی «سنوورەکانی ئێرە تا کوێ دەوامەیان هەیە؟» یان «چرکەکانی شەڕ لە کوێدا دەگەنە ئەبەدیەت؟» یان «ئاخۆ شەڕ دزە دەکاتە ناو خەونەکانیشمان؟» قەناعەت دەکەن. ئاخر لە شەڕدا هەر ئەم شتانەن و شتێکیتر نییە بۆ گوتن کە ئەوەندە سەرنجراکێش بێت و سەرنجی شتەکان ڕابکێشێت کە دڵی پێ خۆش بکەیت، یان ئەوە کە بیری لێ بکەیتەوە و ئەویش هەودای خەیاڵت بگرێت و بتبات، بتبات تا ئەو دووری دوورانە کە ئیتر نەگەڕێیتەوە قەت یان دەغدەغەکانی شەڕ لە زەینتدا دامرکێنێت و ترسەکان برەوێنێتەوە و قوتارت بکات لەم پێگەی شەڕەوە کە هەموو شتێك دادەگرێت و جلەئاسا هەموو پانتاییەك دەتەنێتەوە. ئاخر هیچ خولیایەك بە ڕادەی شەڕ بەهێز نییە، هیچ بیرۆکەیەك زەین پاك ناکاتەوە لە جەنگ... لە هەمان کاتیشدا هەر ئینسانێك قسەیەکی هەیە بۆ گوتن کە باقی ئینسانەکانیتر نایزانن یان ئەوە کە لێی تێناگەن و ئیتر هەر ئەم تاکە گوتەیە مانا دەبەخشێ بە سەرجەمی بوونی ئەو. لە شەڕدا هەموو هەوڵی درکاندنی ئەم تاکە قسەیانە، بەڵام هیچ کەس زات ناکات، شەڕ مەودای خۆدەرخستن بە کەس نادات.

هەر ئەو شەوە هەندێکمان وا خەومان لێکەوت کە چما پێگەی شەڕ هەر بە ڕاست مەحشەرە و بۆ ئەوە نابێت قەت لێی بەئاگا بێیتەوە و ئیتر قەت بەئاگا نەهاتینەوە و ئێستاش هەر بەدەم خەوەوە دەجەنگین. هەندێکیشمان تا دواچرکەی شەڕ و تا ئێستاش دەستمان کردووە بە بزرکاندن و ڕاواندن. ئاخر ئینسانەکانی شەڕ دوو جۆرن: یان هەر خەو نابینن یان هەموو چرکەیەکیان خەوبینینە. خەونەکانی شەڕ ڕەنگێکیتریان هەیە. لە شەڕدا ئاراستەی خەونەکانیش دەگۆڕێت یان باشتر بڵێم شەڕ پانتایی خەونەکانیش دەتەنێتەوە. لە ڕاستیدا هیچ شوێن و ناشوێنێك نییە شەڕ ڕووی تێنەکات. ئەو هەموو قۆناغەکان دەپەڕێنێت و هیچ بەربەستێك ناناسێت. لە ناسنوورەکانیشەوە دەگوزەرێت، پانتایی خەونەکانیش داگیر دەکات.

من ئەو شەوە خەونم بە ئاسمانێکەوە بینی کە شەڕ داگیری کردبوو. ئاسمانێکی خاڵی لە ئەستێرە و بەتاڵ لە ڕەنگی شین. ئاسمانێك کە هەموو ئەستێرەکانی شەڕکەران بوون. لەو ئاسمانەدا چرکەکان گوزەریان نەدەکرد، ساتەکان تێنەدەپەڕین.

هەندێکمان وامان بیر کردەوە ئەگەر شەڕ بگاتە دواچرکەی خۆی ئەوکات ئاراستەی هەموو شتەکان دەگۆڕێت و ڕووباری لەبڕاننەهاتووی چرکەکان بە بەستێنەکەی جاراندا دەخورێت و ئیتر ئەوکات هەموو دەگەڕێینەوە بێئەوەی تەنانەت چرکەیەکی شەڕ لە یادەوەرییماندا گیری خواردبێت، بەڵام ئێستا دەزانم کە جاری وایە زیندووبوون هەر لە گێڕدانی جگەرەیەکدا کورت دەبێتەوە و جاری واشە لە چوون بۆ مەیدانی شەڕدا کۆتایی دێت. لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەمانەدا بەدی ناکرێت کە دواجار لە سەریان بوەستیتەوە، چونکە بە هەر دوو باردا دۆخەکە هەر دەگاتە یەك ئەنجام: گوزەر!... تێپەڕین!... یان هەر ناوێکی دیکەی لێ بنێی. چ فەرقێك دەکات؟! ئێمە ناوی لێ دەنێین: زەمان! کەچی ماهییەتی هەر یەك شتە و شایەدیش هەر ماهییەتێکی نەبێت. مەسەلەکە ئالێرەدایە، لەو گوزەرە نەفرەتییەدا کە هەر یەکە بە شێوەیەك تەفسیری دەکات، بەڵام بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە: کوشتنی کەسێکی خودی یان خوێنڕشتنی زەلامێکی بەناو دوژمن. ئەگەر ڕۆژێکیش

مانای ئەمانە لە جەوهەردا لێك جیا بكرێتەوە ئەوكات ئیتر زیندووبوون مانایەكی نامێنێت. ئەمەیە كە ئیتر گوێ بە هیچ نادەم جگە لە تێپەڕینی چركەكان. ئەو چركانەی كە هیچ كەس ناتوانێ سنوورێكیان بۆ دیاری بكات، چونكە ئەگەر سنووردار بكرێن مانای خۆیان لە دەست دەدەن. چركە بۆ ئەوە ناو نەنراوە كە سنوورێكی تایبەتی هەبێت، بەڵكو بۆ ئەوە دانراوە كە پەیوەست و درێژكراوەی چركەیەكی دیكەیە و ئیتر شتێكە ناكۆتا. ئەم ناكۆتابوونەش جاری وایە مرۆڤـ دەگەیەنێتە ئەنجامێك كە بیر لە هیچ نەكاتەوە تەنانەت لە بەفیڕۆدانی ئەو چركانەی كە كورتیان دەكاتەوە و لای وایە قەتیس كراون بۆی. بەڵام بێهوودەیە، هیچ كەس دەرەقەتی زەمان نایەت. زەمان شتێكە لە دەرەوەی دەسەڵاتی بوون و هەبوون. چونكە بوونیش هەر لە چركەیەكدا دەستپێدەكات و لە چركەیەكیشدا كۆتایی دێت، بەڵام خودی ئەو چركەیە قەت دیاری ناكرێت. ئەمەیە كە شەڕیش بەشێكە لەو دۆخە و شەڕكەرانیش لە ناویدا دیل و كۆیلە. شەڕ بەشێكە لەو ئاڵۆزییە بۆ خوێندنەوەی شتە نادیارەكان، بۆ دەرخستنی چركە شاراوەكان، بۆ پێناسەكردنی ماهییەتی بوونیان، بۆ دۆزینەوەی شتە دۆڕاوەكان.

بەڵام لەوەش دڵتەزێنتر و جەرگبڕتر ئەوەیە كە تۆ لە شەڕدا بۆ حەقیقەتێك بگەڕێیت، بۆ ئامانج و مەبەستێكی تایبەت وەدوای شەڕ كەوتبێت. لێرەدایە كە ئەوكات تۆ ئیتر نەك ناگەیتە هیچ ئەنجامێك، بەڵكو خۆشت دەدۆڕێنیت، ماهییەتی خۆشت فەرامۆش دەكەیت. ئاخر شەڕ دۆخێكە هەمیشەیی و ناكۆتا. ڕەهەندێكی چركەكانە كە قەت بڕانەوەی نییە. ئەگەر شەڕ لە دۆخی زیندووبوون جیا بكەیتەوە ئیتر جیهان دەگاتە دوامەنزڵی خۆی، ژیان دەگاتە كۆتایی. ئەبەدیەت وەك دۆخێكی نادیار، فەرامۆش دەكرێت و ڕەوتی بوون دەگاتە بنبەست. بیركردنەوە لەوەش هیچ كە تراژێدی ناخولقێنێت، بەڵكو دۆخێكی بۆش دروست دەكات كە سەرجەم زەمان و چركەكان خاڵی دەكاتەوە لە هیچ. بۆشاییەكی بێ‌پێناسە دروست دەكات كە مرۆڤـ هیچكات ئەزموونی نەكردووە. ئاخر تراژێدیش خۆی پێویستییەكی حاشاهەڵنەگری بوونە، واتە ئەگەر ڕەهەندی تراژێدی لە چركەكان وەدەر بخەیت ئیتر ئەوكات هەموو شتەكان دەگەنە ئەوسەری خۆیان، هەموو حەقیقەتەكان جارێكیتر دەدۆڕێن، هیچ دۆخێك پێناسەی نامێنێ، هەموو شتێك خاڵی دەبێتەوە لە هەرجۆرە مانایەك. هەربۆیەش تەنیا شتێك كە دەكرێ پێناسەیەكی تایبەتی بۆ بكرێت: شەڕە!

***

لە شەڕدا وات بەسەر دێت كە ئیتر هەست دەكەیت هیچ كەسێك شیاوی ئەوە نییە پێی بڵێی: نازەنین، گیانەكەم، گوڵەكەم!

تۆ نازەنین بوویت و تۆ گیان بوویت و تۆ گوڵ بوویت و تۆ خاتوون و ئازیز و ڕۆح و هەناو و هەناسە و هەتوان و تۆ شەو و ڕۆژ و سەعات و خولەك و چركە و گوزەری چركە بوویت. تۆ هەنیسكێكی ئەوەندە بێدەنگ بوویت كە هەر تەنیا وشەكان لێی تێدەگەیشتن. ئاخ كە تۆ چەندە هەموو شتێك بوویت و كەچی چەندە هیچ شتێك نەمایت! ئاخ تۆ كە ئەم دۆخەت دروست كرد هەر تەنیا بۆ سڕینەوەی خۆت و بۆ سڕینەوەی من و بۆ سڕینەوەی وشەكان و بۆ سڕینەوەی هەموو چركەكان بوو. ئێستا كە چاو بەسەر ئەم پاكەتە زەردهەڵگەڕاوەدا دەخشێنم هیچ هەنیسكێ بە قورگمدا تێناپەڕێت. ئاخر تەنیا شتێك كە لە شەڕدا نایەتە بەرچاو: گریانە! نە فرمێسكێك، نە هەنیسكێكی بزوێنەر! ئەوانە هەموو فەرامۆشیی جەنگ دەیانخوات، تەنانەت كەسانێك كە لە شەڕ دەگەڕێنەوە بۆ هەمیشە گریانیان لە بیر دەچێتەوە. هەروەك ئەوەی كە قەت منداڵ نەبووبن و هەر بە پیاوی هاتبنە دونیا. ئەمەیە كە ئیتر شەڕ گەر هیچ شتێك لە ناو نەبات، گریان بە تەواوەتی دەسڕێتەوە. هەناوی شەڕكەران شۆڕاوەیە لە گریان، چۆڕاوەیە لە فرمێسك و هەنیسك، لە هەناسەی دڵپڕوكێن!

***

لە ڕۆژانی كۆتایی شەڕدا هەموو شەڕكەران بە شێوەیەك ئاراستەی ژیانیان دەگۆڕێت و ئیتر كەس نییە كە لەو دۆخە ڕزگاری بێت. شەڕ چارەنووسی گشتیان بۆ هەمیشە یەكلا دەكاتەوە. هەندێك بۆ هەمیشە دەبنە قوربانی و هەندێكیش هەتا ئەبەد پیاوكوژ. ئیتر كەسێك لەم ناوەدا بیر لە ڕێگایەكیتر ناكاتەوە كە خۆی لەو دۆخە قوتار بكات. ئەگەریش هەوڵێك لە ئارادا بێت تەنیا دۆخەكە لەم بارەوە دەگۆڕێن بەو باردا.

لە یەکێك لەو ڕۆژانەدا، کەسێك لەوانەی بەرامبەرمان واتە زەلامێکی ئەوبەری شەڕ لە سەنگەردا بە دەم برینەوە گازندەکانی چەندین ساڵەی شەڕی ڕاوە دەکرد. کاتێك ئێمە گەیشتینە سەری نووزەی ئازارتێزاوی ڕەخنەی دەکردە ناو مێکشی ئێسقان. یەکێك لە ئێمە چەکەکەی خستە سەرپێ و لوولەکەی نایە سەر بناگوێی ئەو و گوتی: «لابردن و نەهێشتنی ڕەنج و ئازاری مرۆڤەکان تەنانەت لە ڕێی مەرگیشەوە بێت کارێکی موقەدەس و پیرۆزە». مرۆڤـ کاتێك چاوی بە دیمەنی لەو شێوە دەکەوێت هەموو بەهاکان جارێکیتر ڕەنگ و ڕووی خۆیان لە دەست دەدەن و دیسان خاڵی دەبنەوە لە هەر جۆرە مانایەك. هەربۆیەش من بیرم لەوە کردەوە کە هیچ ئامانجێك ئەوەندە ئینسانی نییە کە مرۆڤـ لە پێناویدا خۆی بەخت بکات. بەڵام من تازە کەوتبوومە دۆخی ئەو شەڕەوە و ئینسانیش کە خۆی لە مەیدانی بەربەرەکانیدا دۆزییەوە، کە لە جەنگەی شەڕدا کەوتە سەر ژماردنی چرکەکان، گرینگ نییە لە کام لا بێت، دەبێ شەڕ بکات و شەڕ بکات و شەڕ بکات... بـجەنگێت هەتا مردن!

یان ئەوە کە خۆت بدەیتە دەست فەرامۆشییەکی بێسنوور کە تەواوی لێکدانەوەکان لە زەینت بسڕێتەوە. ئاخر فەرامۆشی هەمیشە ڕەهەندێکی جوانی تێدایە کە بە ئانقەست فەرامۆش دەکرێت، هەربۆیەش جوانترین فەرامۆشی لە شەڕدا ئەوەیە کە ئەوە فەرامۆش بکەیت دوژمنەکەت کێیە، ئەوە لە بیر بکەیت لە دژی کێ دەجەنگیت.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دۆخی شەڕ ئەوەندە ئاڵۆز و چاوەڕواننەکراوە کە لەناکاو حەز دەکەیت تۆش یەکێك بیت لەوانە کە یەکێکیتر لوولەی چەکەکەی بنێ بە بناگوێتەوە. ئاخر برینداربوون خۆی نیوەی مەرگە... چەند چرکەیەك دەخایەنێت، چەند خولەکێك دەکێشێت، شایەدیش زیاتر، ئەوکات ژان ڕێ دەکەوێت. سەرەتا لە زامەکانەوە، دواتر ئەو ئەندامە بریندارە دادەگرێ و دەمارەکان دەپێوێت. هیچ دەزوولەرەگێك و هیچ ورکەدەمارێك نییە پێی نەزانێت. پاشانیش مێشکی تەواوی ئێسقانەکان دەتەنێتەوە... دەیتەنێتەوە و ئیتر هەروا دەیتەنێتەوە و تەشەنە دەکات و پەرە دەستێنێ: ئەمەیە ڕازی ئێش و ئازار کە ئینسان هەستی پێ ناکات. سەرەتا چریکەی ئازار و ژان هەموو شتێکت لە بیر دەباتەوە، تەنانەت شیرینترین چرکەکانی ڕابردوو یان خۆشەویسترین ئافرەتێك کە بە درێژایی شەڕ شایەد دڵت لێی دابێت بۆی. بەڵام دواتر هەراسی مەرگ سەرلەنوێ هەموو شتێکت دێنێتەوە یاد. هەموو بیرەوەرییەکان بە ورد و درشتەوە، هەموو یادەوەرییەکانی منداڵی و هەرزەکاری، هەموو چرکە شیرینەکانی ئافرەت، وردترین و کپترین چپەکانی. هەموو بە زەینتدا تێپەڕ دەبن و بە مێشکتدا گوزەر دەکەن بێ ئەوەی چرکەکان گوزەر بکەن. ئاخر تەنیا لەو کاتەدایە کە چرکەکان دەوەستن و تێناپەڕن. هەمووی ئەمانەت دێتەوە یاد هەر تەنیا بۆ ئەوەی خۆت لە مردن بدزیتەوە، بۆ خۆنەبان کردن لەو تاکە حەقیقەتە، بۆ گوێنەدان بەو گرمە ئەزەلییە... ئەمەش ڕازی مەرگە و نهێنیی لەناوچوون کە دواجار فێرت دەکات مەرگ گەورەترین عەداڵەتە کە هیچ جیاوازییەك ناناسێت و گەورەترین بەخشندەیە کە هەموو شتێك زەوت دەکات و هەموو شتێکیش دەبەخشێت. تێدەگەیت کە مەرگ کۆتایی نییە، بەڵکو چرکەیەکە کە جوانییەکی هەمیشەیی دەبەخشێت بە تەواوی چرکەکانی ژیان! لە هەمان کاتیشدا مەرگ شتێك نییە، جگە لە دواهەناسەی کەسێك، دواچرکەی وشیاری کەسێك بە بێ خەوبینین. لەو کاتەدا بۆم دەرکەوت ئەگەر مەرگ هیچ شتێك نەبەخشێت بە ئینسان ئەوا تەنیاییت پێ دەبەخشێت.

ئێستاکە وا هەست دەکەم کە مەرگ خۆی پرسیارێکە کە وەڵامی زۆرێك لە پرسیارە سەرسەختەکان دەداتەوە بێ گرێوگۆڵ. لە ڕاستیدا ئەگەر بتەوێ بۆ وەڵامێك بگەڕێیت کە قەت نەدۆزرێتەوە دەبێ پەنا بەریتە بەر مەرگ. هەر ئەمەشە کە مەرگ هەموار دەکات، کە ئارامی دەبەخشێت.

پێش لە شەڕ هەمووومان فێر ببووین کە بۆ مەرگ بگرین، بەڵام لە شەڕدا ئینسان دەکەوێتە دوخێکەوە کە هەر تەنیا بە کەڵکی مەرگ دێت. لەوێ یەکێك دەیگوت: «چەند دڵتەزێنە کە تەنیا بیرکردنەوە لە مەرگ هێورت بکاتەوە!» کەچی ئێستا من لە خۆم دەپرسم چ هێزێك لە مەرگدایە کە دەتوانێ ئەو کسپەیە بخولقێنێت؟!

ئەمە بیرکردنەوەیە لە مەرگ، لە ساتە کسپەئامێزەکانی، ئەو کاتەی خولیای مەرگ لە زەوی جیات دەکاتەوە و لە بۆشایی نێوان زەوی و هەوادا ڕاتدەگرێ. بە مانایەك ئەمە نەشئەبەخشی ساتێکی بێپەروایە،

ساتێك كە ترست نییە لەو ئەزموونە، بەڵكو خۆدانەدەست خولیاكەیەتی، ئەوە كە بۆچی دێت و بۆچی دەبێ موتڵەق بێت؟! ئاخر لە سەرەمەرگدا چركەیەك هەیە كە نە ژیانە و نە مەرگ، تەنیا چركەیە و بەس، بۆ تەجرەبە دەبێت، بەڵام بۆ گێڕانەوە نا، چونكە گەڕانەوە یان مانەوەیەك لە ئارادا نامێنێت. هەربۆیەش بۆ هەر كەسێك تەنیا یەك جار ڕوودەدات و ئیتر تەواو كە ئەویش ڕازی تەواوی چركەكانیتری تێدایە، هەڵگری نهێنیی شاراوەی تەواوی چركە گرێدراوەكانی ماوەی زیندووبوونە. لەو چركەدا تەواوی ڕازەكان بۆ ئەو كەسە خۆ دەردەخەن، بەڵام كەسیتر پێی نازانێت، ئەوانیتر لێی بێئاگان، هەر ئەو چركەیە و ئیتر دواتری مەرگە و بێهەستی و بۆشایی و فەرامۆشی...

***

كە تۆ لەوسەری دونیا بیت حەز دەكەم تەواوی شەڕەكانی دونیا بپێوم و بگەمە شەڕی ئەوسەری دونیا. حەز دەكەم شەڕەكانی دونیا قەتارێكی نادیار بن و من بگەیەننە سنوورەكانی تۆ، ئەو سنوورانەی كە ڕۆژێك لێیانەوە گوزەرت كرد و بۆ هەمیشە بێئاگا بوویت لە چركەكانی ناو مەیدانی شەڕەكانی من. تۆ هەر بۆ چركەیەك بیرت لە چركەكانی من نەكردەوە. ئەو چركانەی كە جاری وابوو دەوەستان و ئێستاش دەوەستن و تۆ نەوەستای! ئەگەر نا چركەكانی من بەم شەڕانەدا گوزەریان نەدەكرد و ئەم شەڕانە بە چركەكانی مندا تێنەدەپەڕین. حەز دەكەم بە شەڕێكدا بگەمە كەناری نادیاری چركەكانی تۆ و ئەو پۆستاڵە پاییزە لەمێژینە و ئەو پاكەتە زەردهەڵگەڕاوە و ئەو وشە بێدەنگ و بێمەنزڵانە بگەیێنم كە هیچكات نەگەیشتنە مەنزڵ. حەز دەكەم سنووری ئەو پاییزە بێدەنگە بكێشم تا سنووری نادیاری تۆ... حەز دەكەم بێدەنگی خۆم و پاییز و وشەكان بكێشم تا خەزەڵوەری دڵ و گەڵاڕێزانی ڕۆح!

***

ئێستا بێشەرم، شەڕ لە دوامەوەیە، خۆم ئەوەتام لێرە، بیر دەكەمەوە، هەست دەكەم، هەست بە برینداربوون، بەوەی كە شتێك لە ناومدا هەیە و هەمیشە لێی دەچۆڕێت، شایەد خوێن نا، شایەد شتێكی دیكە كە خۆشم نەزانم چییە... شایەد!

ئێستا هەر بەڕاست وێڵی ئەم بیابانانەم، ئەم بیابانانەی شەڕ كە هەر لە چۆڵەوانییەكانی مەحشەر دەچن، نە ئاسۆیان ڕوونە و نە سنووریان دیار. چما تەنانەت هەر تەنیا چركەیەكیش بەم چۆڵەوانیانەدا گوزەر ناكات!

ئێستا دەزانم كە شەڕكەران قەت سەرناكەون، ئەوەی كە پیرۆز و براوە و سەركەوتووی دواجارەكییە، شەڕ خۆیەتی. ئەو سەركەوتووی سەركەوتووەكانە. ئەگەر بەرەیەكی شەڕكەران پیرۆز دەبن ئەوا خۆیان ملكەچ و ژێردەستی شەڕن. ئێستا دەزانم كە شەڕ تەنیا یەك مانای هەیە: دۆڕاندن!

كاتێك دەگەڕێیتەوە لە شەڕ، لە خۆش شانسیتەوە نییە كە زیندوو ماویت، لە بەدبەختیتەوەیە. شەڕكەر كە دەگەڕێتەوە گرمەی تەواوی تۆپخانەكان لە سەریدایە، تەپوتۆزی تەواوی شەڕەكان بە ڕۆحیەوەیەتی. شەڕكەر كاتێك دەگەڕێتەوە ڕزگاری نەهاتووە، بەڵكو سەرەتای گیرۆدەبوونییەتی، وەسوەسەی شەڕ تا ئەبەد بەری نادات. پیاوانی شەڕكەر هەموویان لە ناخەوە بۆشن، بریندارن: جەستەیان نا، ڕۆحیان!

ئێستاش كە شەڕ تەواو بووە، بیر لە شەوی یەكەمین دەكەمەوە، شەوی یەكەمینی مەیدانی شەڕ كە هەروەك شەوی یەكەمینی یەكەمین مرۆڤ وایە لەسەر جیهان. بیر لەو شەوە دەكەمەوە كە بیرم لەوە دەكردەوە ئاخۆ تفەنگەكە ڕوو لە من بێت یان لە دوژمن!!! ئاخر لە جەنگەی شەڕدا دوو ڕێگات زیاتر لە بەردەمدا نییە، یان تۆ ئەو بكوژیت یان ئەو تۆ بكوژێت... بەڵام كە شەڕ تەواو بوو هاوكێشەكە دەگۆڕێت، هەربۆیەش ئێستا بیر لە ڕێگایەكیتر دەكەمەوە: ڕێگای سێهەم!